گیان لەدەستدانی 17 کەس لەبەنگلادش بەهۆی پەکدادانی دوو شەمەندەفەوە



لە باشووری بەنگلادش دوو شەمەندەفە پەکیانداداوە و لە ئەنجامدا لانیکەم 17 کەس گیانیان لەدەستداوە و 100 کەسی دیکەش بریندار بوون.

ئەحە دووشەمە، سەدیق رەحمان، پارێزگاری شاری بهەیرەب کە بە نزیکەیی دەکەوێتە 60 کیلەمەتر لە باکووری رۆژئاوای پارێزگای دەکای پایتەختی بەنگلادیش، رایگەیاند، "17 کەس لە پەکدادانی دوو شەمەندەفەکە گیانیان لەدەستداوە و زیاتر لە 100 کەسی دیکەش برینداربوون و ژمارەی قوربانیانیش بەرەو بەرزبوونەوە دەچێت."

رووداوەکە لەنێوان شەمەندەفەکی گواستنەوەی کەلوپەل و شەمەندەفەکی گواستنەوەی نەفەر روویداوە.

بەرپرسانی بەرگریی شارستانیی بەنگلادیش ئاماژە بەوە دەکەن، بەشێک لە سەرنشینەکانی شەمەندەفەکە دیارنەماون و تیمەکانی بەرگری شارستانی بەدوایاندا دەگەڕێن.